ترەمپ و ناتانیاهۆ تیشکیان خستەتە سەر چەنیەتی نەهێشتنی حەماس لە کەرتی غەززە

دونالد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدیدارەکەی لەگەڵ ناتانیاهۆ تیشکی خستەتە سەر چەنیەتی نەهێشتنی حەماس لە کەرتی غەززە وواستنەوەی فەلەستینییەکان بۆ میسر و ئوردن .

ئەمڕۆ چوارشەممە ، دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رایگەیاند، ئەمریکا کۆنترۆڵی کەرتی غەززە دەکات، شوێنەکە یەکسان دەکەین و گەشەسەندنی ئابووری دروست دەکەین.

بەڵێنیدا کار لەسەر "ڕەخساندنی هەلی کار و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بکات، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، جگە لە میسر و ئوردن وڵاتی دیکەش هەن کە دانیشتوانی غەززە قبوڵ دەکەن". وتیشی، کە دەکرێت فەلەستینییەکان لە پێنج یان شەش وڵاتی دیکە وەربگیرێن.

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە دیدارەکەی لەگەڵ ناتانیاهۆ تیشکی خستەتە سەر چەنیەتی نەهێشتنی حەماس لە کەرتی غەززە.

باسی لەوەشکرد، پێشبینی دەکات وڵاتانی زیاتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بچنە پاڵ رێککەوتنەکانی ئەبراهام، ئاماژەی بەوەشکرد: "من ئیسرائیلم خۆشدەوێت و بەم نزیکانە سەردانی دەکەم، بەو پێیەی سەردانی کەرتی غەززە و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەم".